Kurdistan Nêt

# مەملەکەتی بێ زمان

ئەستێرەش زمانی بێدەنگی فێر بووەو

لە لێوار ئاسمانی شەوانی ئەبەدی

پێ لەسەر پێ ئەنێ و

قوولْ...زۆر قوولْ لە من و مردن و لە نووتەك ئەروانێ

تەنیایی کردۆتە هاوسەر و

بە تاسەی نوساوی دیواری ڕامانا

ختووکەی ژێر پێی هەور

لە بەردەم یاڵەکەی وجودا ئەدات و

فوو ئەکا بە کونی شمشاڵی وەحشەتدا

ئەزانێ چۆن لەنێو یاقووتی بیرۆکە ووردەکان

بەیداغی شەکەتی هەڵبکا و

لە ناو قەد هەڵۆێستا

لەنگەری وون بوونم پێ بگرێ.

تا لەنێو دەربەندی ماچێکا

لێوانی بزر بووم

ژێر پێستی توێکڵی ووشە و حەز

ببێتە مەمکدان بۆ خەون و برینی دوو گیان و سامناکی

سامناکتر لە ڕەش و

بێدەنگتر لە خەتا

نووتەکتر لە قەتران

گوناهتر لە خەون و لە سەفەر

بێڕەنگتر لە ڕەنگی پەڕیووی ترساوێك.

زمانیش تۆقیوه..تەنانەت ناوێرێ ووشەیەك دەربڕێ

ناوێرێ هیچ حەرفێك بكاتە پاسەوان گەمیەكی نغرۆ بوو

فڕین و كۆچ و مەرگ..سێكوچكەی بونیادی سەفەر و

هەرەسی مەملەكەت

هەرەسی وولاتی بێ قسە و بێ شیعر

هەرەسی هەرەمی زمان و گفتو گۆ

بۆ ئەوەی لە فڕین تێ بگەم،زمانێ قەرز ئەكەم تا بدوێم

زمانی عەشق و ماچ

زمانی بێدەنگی

بۆ ئەوەی نهێنی بێدەنگی بناسم

زمانی كوژراو و

هاواری ئەنفال كراو

ئەهێنمە نێو شیعر و مەملەكەت

مەملەكەتی بێ زمان و ووشە و حەرف

مەملەكەتی بێ هەست و خوست

مەملەكەتی دڵداری و مەرگ.

عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ) 17/10/2001

ڤانكۆنەر-كەنەدا